www.kurdistannet.org
24/06/2003 12:43

# بۆئەوەی پاڵەوان بژی

# پێویستە هەموومان بمرین...!!!

## (قسەیەك لەبارەی ئەجندای هاوڵاتی و یۆتۆپیای دەسەڵاتی کوردیەوە)

دڵزار حەسەن... هـــەولێـــر

پێشەکی :-

دوای بڵاوبوونەوەی وتارەکەم لەسەر هاوڵاتی لەبەرواری ٢٠٠٣/٣/١٠ لەسایتی کوردستان نێتدا، ئیدی یکلایەنە بڕیارمدابوو تائەوان وەلامم نەدەنەوە هیچ شتێك لەبارەیانەوە نەنووسم بەس بێدەنگی ئەوان و نووسین و خۆ بەنموونەو پاڵەوانزانینیان لەبەرامبەر گروپ و کایە جیاجیاکانی کۆمەڵگای کوردی وایلێکردم چیتر بێدەنگی هەڵنەبژێرم.

دیـارە بـۆ منـێك کارئاسـانیەکی زۆر هەیـە تـا لێـیەوە بـتوانم قسـە لـەبارەی ئەزمـوون و جەوهـەری هاوولاّتـی بکـەم و رووە راسـتەقینەکەیان بـەدەر بخـەم، هەڵـبەتە نیازیشـم لـەوها نووسـینێکدا بـێگومان بـۆ ئەوەیـە تـا دوو راسـتی گـرنگ هەن کەلەدوای راپەڕیـنەوە هاتـوونەتە بەرهـەم و لە نەتیجەی ئەوانیشدا کۆمەڵگای کوردی بە وردوو درشتیەوە هەڵە حاڵیبونێکیان لەبارەیانەوە بۆ درووستبووە تا رۆنی بکەمەوە ئەمانەش (چەمکی دیموکراسیەت) و (چەمکی دەزگای ئەهلی وئازادە)

### هەڵبژاردنی ١٩٩٢

### هەنگاوێك بۆ پێشەوە دوو هەنگاو بۆ دواوەوە

(١٢) سـاڵ ژیـان لە ژێر دوو ئیدارەو دوو ئەقلییەت و دوو ئایدۆلۆژیای هەناسە سواری وەك پارتی و یەکێتی دونیایەك ئیشکالیات و قەیرانی سیاسی و ئابووری و کۆمەلأیەتی و فکری بە دوای خۆی داهێنا.

بـێگومان ئەزمونـی هەڵبژاردنـی بـەهاری ١٩٩٢ دەسـتپێکی ئـەو قەیـرانانە بـوو کـە لـەدوای ئـەو دا زۆرێـك ئیشکالیاتی تری وەك چـەمکی دیموکراسـیەت و مەدەنـیەت و مافـی مـرۆڤ و کـۆمەڵگای کـراوەیان هەڵگـرتبوو کـە هـەردوو پارتـی دەسـەلأتدار لـەرێگای هارمۆنیەتـی ئـەو چـەمکانەوە کاریـان بـۆ تـواندنەوەی رەهەندەکانـی گەیشـتن بـەو جیهانە دەکـرد، بـە مانایەکـی تـر ئەقڵییەتـی ئایدۆلۆژیستانەی هـەردوو حـزب بـەدەر لەجەوهـەری ئـەو چـەمکانەوە بـە درێژایـی ئـەو دوانزە ساڵە تاکو کۆی کوردیان ئاراستە کـردووە، بـۆیە لـەوها حاڵـیکدا ئەقڵی سیاسـی کـوردی لـە جیاتـی رووە راستەقینەکەی دیموکراسـیەت و مافـی مـرۆڤ و کۆمەڵگای کـراوەو مەدەنـی هـاتن دیماگۆجـیانە نوشوسـتیان بـە تەقسـی سروشـتیانەی ئەو چەمکانە هێناو بە بارێکی تر رووی ناوەوەیان بە پەناهانـی هێشـتەوەو قاڵبـی دەرەوەشـیان بـە کـۆمەڵگا ناسـاند، واتـا هـەردوو پـارت لـەروو دا خـۆیان بـە دیموکراسـی و مەدەنـی و پارێـزەری مافەکانـی مـرۆڤ و بـە دڵسـۆزی مەعـریفەو فکـر دەناسـاند بـە دیـوە راستەقینەکەشـیاندا بـە پێچـەوانەی ئەو رەهەندە (هیومانـیانە) وە بونـیادی کـۆمەڵگاو کەسایەتی تاکی کوردیان خاش خاش دەکردوو لە جیاتی گوڵ و بەخشینی سۆزوو میهرەبانی دەهـاتن یاریان بە زەوق و میزاجی خەڵك دەکرد، لەو لاشەوە باڵی ئۆپۆزسیۆن لامەرکەزیانە بە رووحێکی پەرچەکردارانە لەدایك بـوو نـەك هەر پرۆژەکانی ئەو ئۆپۆزسیۆنە نەیتوانی واقعی باڵە علمانی و دیموکراسی و قەومیەکان بگوڕی بە وقعێکی ترو کەش و هەوایەکـی تری ئینسانانە بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەوان سەرەداوی قەیرانەکانیان ئاڵۆزتر کردوو لە باتی لەمپەرێك هاتن دەیەها سنورووو وێستگەی تـری نـا عادیلانـەو نالۆژیکیانەیان خسـتە بـەردەم ئایـندە رەوشـی سیاسـی و کۆمەلأیەتـی و فکـری کـۆمەڵگای کوردەواریمان.

### مەرگی دیموکراسیەت

کاتـێك بمانەوی باس لە هەڵبژاردنی ٩٢ بکەین دەبی باسیش لەشەڕی ناوەخۆش بکری کە بەرهەمهێندراوی دەستی ئەو قۆناغەیە، یـان بەمانیەکـی تـر هەڵـبژاردن وێستگەیەکی تـر بـوو لەشـەڕی پارتـە سیاسـیەکانی شـاخەوە وە شەڕی ناوەخۆی شارەکانەوە، یان دەتـوانین بڵـێین هەڵـبژاردن خۆڕێکخسـتنەوەیەکی تـری هاوچـەرخانە بـوو لەشـەڕی بەردەلانەکانـەوە بـۆ نـاو مۆنـیکاو کۆشـکی خواپـێداوانەوە، بەکـورت هەڵـبژاردن بـووە دەرگایەکـی گـرنگ بـۆ گوسـتنەوەی چەمکی پێشمەرگە لە شۆڕشگێڕیەوە بۆ مێلیشیای مۆدێرن. . !!

بەهەرحاڵ هەڵبژاردن بەوە نەوەستا ئێمە بۆ دەنگدان و گەیشتن بە سندوقەکان پەلە بکەین بەڵکو بۆزیادکردنی ژمارەی قوربانیەکانی شەڕی ناوەخۆش بەپەلە بە کوشتنیاندایین، هەڵبژاردن بوو بەدۆسیەی شەهیدان ئەوانەی دەنگیانپێدان شەڕی ناوەخۆ هەموویانی بۆ خۆی بردنەوە.

بەڵێ هەڵبژاردن رەنگی زەردو سەوزی لاناشیرینکردین، هەڵبژاردن مانا جوانەکانی دیموکرسیەتی کردە قوربانی حزب، هەڵبژاردن فێری کوشتنی یەکتری کردین، هەڵبژاردن هێندەی ترساندین کە جارێکی تر حەز لە پرۆسەی دەنگدان نەکەینەوە مەگەر بۆ دەنگپێنەدانی ئەوانبێین.

ئەمانە هەموو ئەو قسانەن کە نادادیەت و نا سیستەمی دوای پرۆسەی هەڵبژاردن دەردەخات ئەو پرۆسەیەی لە تەنها گەورەکردن و مانەوەی یەکێتی و پارتی و مەرگی دیموکراسیەت هیچی تری بەرهەم نەهێنا.

گواستنەوەی بەربەریەت

لە شاخەوە بۆ شار

دەمدان لەوها باسانێك دا هێندە سوود لەزەمینەی خۆخوێندنەوەو رەخنە لەیەکتر گرتن و ئاڵوێردکردنی مەودای فەسادیەکانەوە دەبینێتەوە هێندە ناچێتە ناو شیکردنەوەیەکی (بان مێژوویەوە) چونکە ئەو هارمۆنە دیماگۆجیانەی ئەقڵی ئیداری و سیاسی کوردی لەو دوانزە ساڵەدا هێناویانەتە بەرهەم لە پێشتر دا (واتە لەشاخ) ئەو پارت و گروپانە هەڵگری ئەو جۆرە ڤایرۆسە نەبوینە، بەمانایەکی تر چەمکی دیموکراسیەت و مافی مرۆڤ و هەڵبژاردن و کۆمەڵگای کراوەو مەدەنی وەك پێویست نەبوونەتە ئەجندای سیاسی و ئاراستە کراو لە ئەدەبیاتی هیچ هێزێك لەو حزبانەوە (دیارە مەبەستم ئەدەبیاتی شاخە) تا بەو نیازەوە خوێندنەوەو ورووژاندنی ئەو باسانی بکەنە جیهانبینی حزبەکەیان یان بە لانی کەم کادیرانیان لەسەر ئەو چەمکانەدا پەروەردە کردبێ ، بۆیە لەگەڵ یەکەم چرکە ساتی راپەرین سەرکردایەتی سیاسی کوردی کە زۆربەشیان پەروەردەی فۆنەتیکی سیاسی ئەوروپا بوون زۆ ربە پەلەو عاتیفیانە بە کۆی دەنگ بریاریان لە سەر هەڵبژاردندا کەبەیەکەم پرۆسەی دەستەجەمعی دادەنرێت لە دونیای دیموکراسیەتدا، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەزموونی هەڵبژاردن قۆناغێکی کاریگەر بوو بۆ گواستنەوەی جەوهەری دیموکراسیەت لەمانا ئینسانیەکەیەوە بۆ کەنارەکانی توندوو تیژی و بەرهەمهێنانی ئیفرازات لە هەناووی ئەو چەمکانە دا، ئیفرازات بە مروری زەمەن ڤایرۆسەکانی بەناو گشت کایە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی و فکری ئێمەدا پەرش و بلاّو کردەوە.

هەر بۆ نمونە تۆتالیتاریەت لە عێراقی سیاسیدا کە بێگومان تونوو تیژ ترینیان بەعسیەکان بوون لەوکاتە دا بونیادی فاشیستیانەو ئایدۆلۆژیایانەی توند تر کرد کە توانی لەماوەیەکی کورتی حکومرانیەتی خۆیدا کۆی چەقاوەسوورو مافیاکانی سەرجادەکانی عوجە و تکریت و بەغداد بگەینێتە ناو چوار دیوارەکانی دەسەلاّتەوە، هەڵبەتە ئەقڵی سیاسی کوردیش لەدوای راپەریندا بێباکانە توندوو تیژی و نامەدەنیەتی شاخی گواستەوە شارەکانەوە بەبێ ئەوەی بە خۆی بزانی بەربەریەکی شۆرشگێری هێناوەتە سەر دەسەلاّت و لە جیاتی نوستن لەسەر شاخ و سەرینی بەردین و خۆ شوشتن بە بەفری تواوەوەی چیاکان و خواردن و خواردنەوەی ماوەوەی چەند رۆژە هات خستیە کۆشکی چەند قاتی و نوینی گەرم و نەرم و حەمامی ئەوروپایی و خواردنی غەربیەوە. . !!!

ئالێرەدا بەلای منەوە تەواوی قەیران و ئیشکالیاتەکانی ناو ئەدەبیاتی سیاسی و فکری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئێمە بەناو ئەو رەهەندانەوە تێدەپەرێت کە سەرتاکەی ئەقڵی سیسی کورد دروستی کردووەو کۆتاییەکەشی ئەو کەس و گروپە بەناو ئازادو ئەهلیانە دووبارە بەرهەمی دەهێننەوە کە بەس لەناوەکانیاندا جیاوازیان هەیە ئەگینا جەوهەریان یەك جەوهەرەو ئاکارو ئاکامیشیان بۆ یەك مەبەستە.

پاڵەوان لە سەرابدا دەخنکێ . . !!

وتارەکەی کاك ئاسۆس هەردی کەلە گۆشەی (هەناسە) لە بەرواری ٢٠٠٣/٦/٤ لە هاولاّتیدا بلاّوکرایەوە مشت ومرێکی زۆری خولقاند بۆ ئێستای ئەقڵی سیاسی کوردی و ئایندەی ئەخلاقیمان ئەوە بوو کاك ئازاد جوندیانی لە ٢٠٠٣/٦/١٥ لە کوردستانی نوێدا ولاّمی دایەوە، دیارە هەم وتارەکەی کاك ئاسۆس و هەم ولاّمەکەی کاك ئازاد بووە هۆی والاّکردن و ورووژاندنی بابەتگەلێکی

زۆ ڕیـەناهان و گرنگی نـێو واقعـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و ئەخلاقی کۆمەڵگاکەمان کە دوانزە ساڵ ژیان لەسایەی ئەقڵی ئیداری کوردیدا ئەزموونگەلێکی وەها ناواقیع و نا سیستەم و ناعدیلانەی هێناوەتە بەرهەم.

هەڵبەتە کەڵکەڵەی ورووژاندنـی ئـەو باسەشـم لـەوەوە سەرچاوەی گـرتووە کەمن بە هەردوودیویەوە دەتونم دەم لەوباسەبدەم و شـرۆڤەی چـرکە ساتەکانی نـاو واقیعیان بکەم و خوێندنەوەیەکی مەنتیقیانەش دەربارە فەسادیە ئیداری و ئەخلاقی و سیاسی و کۆمەڵاتیەکانی نـا هـەردوو ئەزموونەکە بکەم چ ئەزمونی مومارەسەی پارتە علمانی و قەومی و ئایینی و دیموکراسیەکانبێت چ ئەزموون و مومارەسەی دەزگا ئەهلی و ئازادەکانبێت.

بـێگومان پرۆسـەی دابەشـبوونی هـەردوو ئـیدارەکەو تـوندوو تـیژی دەسـەڵاتی پارتـی و یەکێتـی لـە بەرامبەر لایەنگرانی یەکتردا واقیعێکـی تـری بـۆ خـولقاندین واقیعـێك جگـە لـە شـەرمەزاری و شـپرزە بوونـی کەسایەتی تاك و کۆی کورد هیچی تری بەرهەم نەهێنا، بـە واتایەکـی تـر دوانـزە سـاڵی تـەواو دەسـەڵاتی کوردی لـە وەهـم و یۆتۆپیایەك زیاتـر بـۆ خەونەکانمان نەیتوانی هیچ سودێکی تـر لە دونیای دیموکراسیانە بکات و لە تەنها ئیفرازاتێك بەو لاوە لە چەمکی دیموکراسیەت و مەدەنیەت و کراوەو مافی مـرۆڤ هیچـی تـری بـۆ بـەدیاری نەهێـناین، هـەر ئـەو یۆتۆپـیاو ئیفرازاتانەی ناو چەمکی دیموکراسیەت و فرە ڕەنگی و مافەکانی مـرۆڤبوو سـەرەنجام کاردانـەوەی ناسروشـتیانەو نائەقڵانـیانەی لێبەرهەم هات و چـەندان گـروپ و دەزگای ئەهلی و ئازادی وەك پرۆسـەیەکە پەرچـەکردارانە لـە هـەناوی خـۆیدا خولقاند بەهـەر حاڵ وەك لـە پێشـتر ئامـاژەم پـێدا دوانـزە سـاڵ ژیـان لـە ژێر ئەزموونـێك نـەك دیموکراسـیانە بەرێـوە چـووبێت بەڵکـو ئیفرازاتەکانـی نـاو ئەو چەمکە مۆدێرنانە بووەتە بە بەشێك لە ژیانی ئازادانـەی ئـێمە دا بـۆیە لـە بەرامـبەر ئـەو واقیعەشـدا چـەندین ڕەهەنـدو فاکـتەری تـر لـە ئەنجامـدا دەبـن بـە کایەیەکـی پەرچەکردارانە لە بەرامبەر ئەو ئەزموونە دا کە وەك ئیفرازاتێك لە ناو پرۆسەی دیموکراسیەتدا دروست دەبن و گەشە دەکەن.

وەك ئاشـکرایە لـەو ماویـەدا هـەردوو ئـیدارەکە بە حوکمی دەسەڵاتیانەوە کۆی سەرمایەی ئابووری بڕیارە سیاسی و مەسیریەکانی کـوردیان خسـتبووە ئەسـتۆی خـۆیانەوە، بەدیـوەکەی تریشـیەوە گشـت کەسـایەتی و گـروپ و دەزگا ئازادیخوازەکانـیش دوور لـە دەسـەڵاتی ئەوانـەو بـەدەر لـە خەونەکانـی ئەوانیشـەوە خەونـی ڕەنگاوڕەنگـی تایـبەت بـە خـۆیان هەبـوو، دیـارە بوونـی ئـەوان و ئیسـتبدادیەتی دەسـەڵاتدارانەی یەکێتـی و پارتـی زەمینـەی بـۆ واقیعێکـی تـر سـاز کـرد بـە نـاوی ئۆپۆزسـیۆنەوە چ ئۆپۆزسیۆنی سیاسیبێت یان ئابووری یان کۆمەڵایەتی و فمری بێت هتد ...

بـەس لەبـەر تـوندوو تـیژی هەردوو دەسەڵاتەکە تا ئەمرۆکەش ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینەی سیاسی و ئابووری و فکری لە بەرامبەر پارتی و یەکێتیدا بە واقیعی دروست نەبووە بەڵام لەدوای ڕاوەستانی شەڕی ناوەخۆ ناوەناوە وەك پرۆسەیەکی پەرچەکردارانە لە بەرامبەر ئەو کەش و هەوایە دژوارە دا ڕۆژنامەو دەزگای ئازادو ئەهلی هاتنە بوون.

بـێگومان وەك لـە پێشـتریش ڕوونم کـردبۆوە ئـەو ڕۆژنامـەو دەزگا ئەهلـی و ئازادانە لـە ئەنجامـی ململانـێ و مومارەسـە کردنـی واقیعێکـی دیموکراسـیانە لـە دایـم نەبـوونە بەڵکـو فاکـتەرو خەسـڵەتی ئـەو ڕەوشـە مەوداکانـی لـە نـادادی و ناسیسـتەمی و نادیموکراسیانەی نـاو ڕاگەیاندنـی هـەردوو دەسـەڵاتەکەوە دەردەچـوو، بە واتیەکی تر بوونی ئەو ڕاگەیاندنە ئەهلی و ئازادانە بۆ ئـەوە نەبـوو تـا بـبن بـە هێمایەکـی کـراوە تـرو دونیایەکـی فـرە ڕەنـگ و فـرەدەنگیدا بەڵکـو بوونـی ئەمانـە لـە تـەنها ئامرازێکی پەرچـەکردارانە زیاتر هیچی تریان نەخولقاند، هەر ئەو بونیادە ساویلکانەیەشبوو وایکرد زۆرێك لە ڕوناکبیران و ڕۆژنامە نوسان بکەونە بەرەیکی چەواشە کارانەو نا مەنتیقیانەوە بە ناوی ئەوەی ئەو دەزگایەی بان ئەو ڕۆژنامەیە ئازاد و ئەهلیەو پێویستە لە سەرمان وەك کارێکی ئەخلاقیانە هەگبەکەی پڕ بکەین لە نەفەسی ڕەخنەییدا تا لە کاروانی دیموکراسیەت دانەبڕێت !!

بـە داخـەوە هـەر ئـەو بەهەڵە حاڵی بوونەش بوو سەرەنجام نەتوانیمان ڕەوشی نا لەباری هێزە عەلمانی و دیموکراسی و ئایینی و قەومـیەکان لـە بـارە نائاسـاییەکەیانەوە بگوازیـنەوە بارێکـی تـری ئاسـایی و ئەقڵانـی نـە توانیشـمان وێـنەی خـۆمان کـە وەك ئەلتەرناتیفی ئەوان وێنامان کردبوو جوانتر بکەین و دیوە ناشیرینەکانی ئەوان و خۆشمانی پێبرازێنینەوە.

هەڵبەتە سایکۆلۆژیای ئەقڵی سیاسی و فکری و مەعریفی ئێمە پڕیەتی لە قەیران و ئیشکالیاتی گەورە گەورەی پەرچەکردارانە ئـەو خاسیەتەش کـورد لـە بڕیاری عاتیفیانەو فەلسەفەی (شەڕ لە بەتاڵی باشترە) وەری گرتووە کە زۆرینەی تاك و کۆی کورد بە ئاگایی و نا ئاگاییەوە بزاوتە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فکریەکانی لەسەر بونیاد ناوە.

هەفتەنامەی هاوڵاتیش هەرچەند لەسەرەتاکانیدا خاوەنی دوو گوتاری هەم ئەقڵانیانەو هەم عاتیفیانە بووە وەك زۆربەمان لەسەر ئەوە کۆك بووین کە ئێمە کاری رۆژنامە نووسی و ناکەین وەك کەسانێکی خاوەن بڕوانامەو شارەزایەکی ئەکادیمیایانە بەڵکو خۆ خەریککردنمان بە کاری رۆژنامەوانی تەنها ئەرکێکی ئەخلاقییەو لە بەرامبەر بێتوانایی رۆژنامە ئۆرگانیەکانەوە ئەو قەناعەتەمان بۆ دروست ببوو، یان دەمنگوت ئێمە کۆمەڵێك کادیری فاشیلی حزبەکان بووین بۆ ئەوەی کارێکی ئەخلاقی ئەنجام بدەین هاتووین ئەو هەفتەنامەیە بەڕێوە بەرین.

لێرەدا دەبی ئێمە هەڵوەستەیەکی جددییانە بکەین بۆ ئەوەی کەمزۆرێك ئەشنای رەوش و ئەزموونی هاوڵاتی ببین وەك خودی هەفتەنامەکە لەلایەك و خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر و هەندێك لە ستاف و دەستەی نووسەرانیش لەلایەکی ترەوە، ئەمەش بۆئەمەیە تاشرۆفەکردن و خوێندنەوەکانمان بۆدوینی و ئێستاو ئایندەی رۆژنامەی ئازادو ئەهلیەکان ئاراستەیەکی ئەقڵانیانە وەربگێت، نەك بە رووەکەی تریدا بینین و دیدگامان بۆئەهلی بوون و ئازادیبوونی رۆژنامەکان عاتیفیانەو پەرچەکردارانە بێت چونکە گەر وانەکەین ئەوا ئێمەش دەکەوینە ناو هەمان هەڵەی راگەیاندن و ئەقلی سیاسی پارتی و یەکێتی لەلایەك و ئەو رۆژنامە ئەهلی و ئازادانەش کە بەردەوام لە خاڵی کۆتاییەوە چاو دەبڕنە سەرەتاوە لەلایەکی ترەوە.

دیارە هاوڵاتی دوو گوتاری جیاواز بەخۆی هەڵگرتووە گوتارێك زۆر ئەخلاقییەو پەیوەستە بە هەلومەرجی ولادەتیەوە گوتاری دووەمیشی ئاڵۆسکاوە بەچەند رووەکەوە رووە ئابوریەکەی لکاوە بەخاوەن ئیمتیازو رووەسیاسیەکەشی بەشێك لە ستاف و یەك دووەك لەدەستەی نووسەران هەڵیدەسووڕێنن بەشە گرنگ و سەرەداوی ئاڵۆزکاوەکەشی سەرنووسەر دەستی پێوەگرتووە دەمێك بەولاو دەمێك بەملایدا دەبات بێئاگالەوەش کوی گوریسەکەش ئاڵۆزکاوەو لەکۆتاییدا نەك هەر خۆی بەڵکو گشت هەوادارانی بەخەیاڵی پاڵەوانی و ئەخڵاق و هەڵوێست و کورد پەروەریەوە لە سەرابدا دەخنکێنێت. . !!

بێگومان لێرەدا دەتوانین بەناو تەواوی وێستگە فاسید بووەکانی ناو هاوڵاتی تێپەڕین و لەگەڵ گەیشتنمان بۆ هەر وێستگەیەکیش سەرەداوی چەندین قەیران و ئیشکالیاتی جۆراوجۆرو تازە بدۆزینەوە، بەهەرحاڵ من لە باسەمدا بەدەر لە دوو خاڵی گرنگ و واقیعبینانە زیاتر مەبەستێکی ترم نیە لەسەری بدوێم چونکە نامەوی زۆر لەسەر هاوڵاتی قسەبکەم لەبەر ئەوەی لەجێگایەکیتردا بەدوورو درێژی باسم لە فەسادیەکانی ناو هاوڵاتی کردووەو لەبەرواری ٢٠٠٣/٣/١٠ لەسایتی کوردستان نێتدا بلاّومکردۆتەوە، بەس ئەوەی لێرەدا جێگای مشت و مڕوو لێدوانمە زەرووریەتی قسە کردنمە لەسەر هەردوو ئەقل هەم ئەقڵی سیاسی و ئایدۆلۆژیایانەی کاك ئازاد هەم ئەقڵی رەشبینانەو فاسید بوانەی کاك ئاسۆس کە لەهەردوو باردا بەلای منەوە هەردوو ئەقڵ بەدەر لە خۆ راپچکاندن لە نەهامەتیەکان و خۆ بە پاڵەوان زانین و وێنا کردنی وێنە ناشیرینەکان لە سیمای بیەکتردا هیچ مەبەستێکی تری مرۆڤدۆستانەو ئەقلانیانەی تریان نیە، ئەم ململانێیەشیان بۆ ئەوەیە بە یەکتر بڵێن ئێوە پاڵەوان نین ئێمە پاڵەوانین، یان ئێوە سەرچاوەی نادادی و فەسادی ئیداری و ئەخلاقین ئێمەش فریاد رەس و ئەخلاقپارێزین.

لێرە دا دەبی خوێنەر زۆر وریایانە هەر دوو جیهانبینی هەردوو ئەقڵ هەردوو دیدگا مەنتیقیانە بخوێنێتەوەو خاسیەتە دژەکانیان هەلاّوێردبکات و عاتیفیانەو پەرچەکردارانە بڕیار نەدات و نەبێتە هەواداری ئەم یان ئەو چونکە هەر دوو روئیا لەسەر بونیادێکی تەماحکارانە و مەبەستبازیەوە هاتوونەتە بەرهەم ئەمیان لەبەر تەماحی سیاسی و دەسەڵاتەوە خەونەکان رژاندۆتە سەر عێراقچیەتی و پارە پەیدا کردن و ژیانی بۆرجوازیانە ئەویشیان لەپەرچەکرداری ئەوەوە تەماحە سادەکانی لەرێگای عاتیفیەی خەلکەوە دەورووژێنی و دەیەوی لە دوای هەرەس شۆڕش و پاڵەوان لە ژێرسایەی جولاندنی سۆزی نەتەوەیی لە ناخی خەڵك بەپابکاو فریاد رەسیش کە خۆیەتی وەك پارێزەری نەتەوەو ئەخلاق بەدەر بخات.

ئای لەو نەهامەتیەی کە کورد تێیکەوتووە دەمێك بە ناوی شۆڕش و کوردایەتی تەفرەی دەدەن دەمێکیش بە ناوی هەڵوێست و ئەخلاقەوە سۆزو ویژدانی ئاراستە دەکەن ......

dlzar20@yahoo. com

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.